# چەند لایەنێکی هەڵاوێرکردن (الاستثناء) لە زمانی کوردیدا

لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە

(PP. 225-236)

پ.ی.د.شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی و پ.ی.د.ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی

بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین

sajide.ferhadi@yahoo.com

مێـــژووی وەرگــرتــن: ٢٠١٤/٠٥/١٨

مێژووی پەسەندکردن: ٢٠١٤/٠٦/١٥

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی ( چەند لایەنێکی هەڵاوێرکردن لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و باسکردنی لایەنە جیاجیاکانی ئەم دیاردە زمانییە. هەڵاوێرکردن بریتییە لە دەرهێنان و هەڵاوێرکردنی ئەو کەرەستەیەی، کە دەکەوێتە دوای ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئەوەی پێش خۆی. هەڵاوێرکردن یەکێکە لەو جۆرانەی ڕستە، کە لە ڕووی بەکارهێنانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفیی شیکارییە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتوە:

لە بەشی یەکەمدا بەسەر ئەو کارانەدا چووینەوە، کە باس لە هەڵاوێرکردن دەکەن لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی گشتی کارەکان. بەشی دووەم بە ناونیشانی چەند لایەنێکی هەڵاوێرکردن لە زمانی کوردیدایە. ئەم سەر دێرانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی هەڵاوێرکردن، کەرەستەکانی هەڵاوێرکردن( لێدەرهێنراو،ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن ، دەرهێنراو)، جۆرەکانی ڕستەی هەڵاوێرکردن .

لە کۆتایشدا کورتەی باس بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی نووسراوە، ئینجا لیستی سەرچاوەکان.

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی ( چەند لایەنێکی هەڵاوێرکردن لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و باسکردنی لایەنە جیاجیاکانی ئەم دیاردە زمانییە. هەڵاوێرکردن، بریتییە لە دەرهێنان و هەڵاوێرکردنی ئەو کەرەستەیەی، کە دەکەوێتە دوای ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئەوەی پێش خۆی. هەڵاوێرکردن یەکێکە لەو جۆرانەی ڕستە، کە لە ڕووی بەکارهێنانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە پەیوەندیی بە ئاستەکانی ترەوە نەبێت، بەڵکو بە پێی پێویست هەندێ جار سوود لە ئاستەکانی تری وەک مۆرفۆلۆژی و واتاسازی وەردەگیرێ.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیێکی زانستی سەربەخۆ لەبارەی ئەم بابەتە نەکراوە، کە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە وهیچ بەرهەمێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان نەکراوە، جگە لە هەندێ ئاماژەی ڕێزماننووسانی کورد، کە لابەلا لە هەندێ کتێب و گۆڤارەکاندا لە گەڵ هەندێ بابەتی تردا باسی لایەنێکی هەڵاوێرکردنیان کردووە، ئەویش زۆر کەمن، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لەبەر ئەم هۆیانە و گرنگی بابەتەکە بە باشمان زانی، کە بە پێی توانا لێی بکۆڵینەوە و ئەو لایەنانە ڕوون بکەینەوە، کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، تاکو وەک بابەتەکانی تری زمانی کوردی باسێکی تایبەت و سەربە خۆی هەبێت .

### کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی (دیالێکتی ناوەڕاست)ی زمانی کوردی دایە، نموونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک و ئەو سەرچاوانە وەرگیراون، کە تایبەتن بە زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست) .

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیرەوی (میتۆدی شیکاری) کراوە، واتە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفیی شیکارییە.

### ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە

بابەتەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی کورتە، بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت:

لە بەشی یەکەمدا بەسەر ئەو کارانەدا چووینەوە، کە باس لە هەڵاویرکردن دەکەن لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی گشتی کارەکان.
لە بەشی دووەمدا کە بە ناوی( چەند لایەنێکی هەڵاویرکردن لە زمانی کوردیدا)یە، ئەم سەر دێرانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی هەڵاویرکردن، کەرەستەکانی هەڵاویرکردن ( لێدەرهێنراو،ئامرازەکانی هەڵاویرکردن ، دەرهێنراو)، جۆرەکانی ڕستەی هەڵاویرکردن، ڕستەی هەڵاویرکردنی تەواو و ناتەواو، دابڕاو و دانەبڕاو، ئەرێ و نەرێ. دوای ئەمە ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو، کە لە بارەی باسەکە پێی گەیشتووین. لە کۆتایشدا کورتەی باس بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی نووسراوە، ئینجا لیستی سەرچاوەکان.

### ١- پێداچوونەوە و خستنەڕووی کارەکانی پێشتر

هەڵاویرکردن لە زمانی کوردیدا وەک بابەتێکی ڕێزمانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ نەکراوە، بەڵکو ژمارەیەکی کەم لە ڕێزماننووسان لە دوو تۆیی باسەکانیاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە ئەم بابەتە کردووە و بە پێی بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆیان باسیان لێوە کردووە ، بۆیە بە پێویستمان زانی، بە سەر ئەو کارانەدا بچینەوە و بیان خەینە ڕوو.

- مامۆستا نوری عەلی ئەمین زاراوەی (دەرهاویشتن)ی بۆ (هەڵاویرکردن) بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە و چەند ڕستەیەکی بە نموونە هێناوەتەوە وەک:
- سەپانەکان لە درەو گەڕانەوە جگە لە شاسوار.
- سوارەکان دابەزین جگە لە زۆراب.

مامۆستا سێ بنەماکەی هەڵاویرکردن دەستنیشان دەکات، ئەوانیش (لێ دەرهێنراو، دەرهێنراو، ئامرازی دەرهاویشتن)ن، جۆرەکانی ئامرازی دەرهاویشتنیش بۆ چەند جۆرێک دەستنیشان دەکات، هەروەها دەرهێنراویش دەکاتە دوو جۆر، نموونەی بۆ هێناونەتەوە لەوانە:

١- دەرهێنراوی دانەبڕ: وەک — دەرسەکانی لەبەرە جگە لە کوردی.
٢- دەرهێنراوی دابڕ: وەک — خشتی خانوەکە تلیسایەوە جگە لە بەردەکەی.(نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦، ٩٤-٩٥).

هەندێک لە ڕێزماننووسان تەنیاو بێ ئاماژەکردن بە بابەتی (هەڵاویرکردن) باسیان لە هەندێ ئامراز کردووە، کە بۆ هەڵاویرکردن بەکاردێت بە تایبەتی (جگە ، بێجگە، هەر، تەنیا، بەس...) لەوانە:

- د. ڕەفیق شوانی لە ژێر ناونیشانی ئامرازی نیازداری (نیاز و مەبەست) باس لە ئامرازەکانی هەڵاویرکردن دەکات و دەڵێت:ئامرازی بێجگە ئامرازێکە نیاز و مەبەستی جۆراوجۆر دەبەخشێت، ناو و ڕاناو لە ڕوودان و ڕوونەدانی لە کارو کردەوەدا لە ڕستە دادەبڕن (جیادەکەنەوە) وەک بێجگە، جگە،تەنیا،بەس، بەبێ...) نموونەکانیش ئەمانەن:
- بێجگە لە دیدار کەس نایەت.
- هەموویان هاتن تەنیا کاکم نەبێت.(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٩، ١٧٣).
- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم هەر لەبارەی ئامرازەوە دەڵێ: (جگە) ئامرازێک نییە، کە دوو ڕستە بەیەکەوە ببەستێتەوە (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم:١٩٨٠، ١٧).
- ساڵح حوسێن پشدەری (جگە، بێجگە)ی بە ئامرازی پەیوەندی داناوە و نموونەشی بۆ هێناونەتەوە لەوانە:
- جگە لە چەند نموونەیەکی نارێک.
- بێجگە لە سەر ئێشان. (ساڵح حوسێن پشدەری:١٩٨٠ ،٦٢).

هەرچەندە ئەم ئامرازانە ئامرازی پەیوەندی نین و بۆ یەک مەبەست بەکاردێن ئەوانیش بۆ هەڵاویرکردنە.

- کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی شەشەم لە ژێر ناوی (ئامرازی لێ دەرهێنان) دەڵێت: لە زمانی کوردیدا وشەی (بێجگە، جگە، تەنیا، هەر) بۆ لێ دەرهێنانە کە یەکێک لە تاقمێک دەربهاوێژرێ، کە کارەکەی نەکردبێت یان بە پێچەوانەوە وەکو:
- هەموویان فرمانەکانیان بە جێ هێناوە تەنیا ئازاد نەبێت.
- هەموویان چوون بۆ سینەما هەر کامەران نەبێت.

گشت منداڵەکان خەویان لێ کەوتووە جگە لە ئاسۆ و ئارام. (زمان و ئەدەبی کوردی:١٩٨٢ ،٢٢).

- عەبدوڵڵا حوسێن لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێ: (هەر، تەنیا، بەس ،جگەلە) وشەی هەڵبژاردنن (**حصر**). (عەبدوڵڵا حوسێن:١٩٩١ ،٥٤).

- کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی (جگە، هەر)ی بە ئامرازی عەتف داناوە ئەم نموونانەی خوارەوەی هێناوەتەوە بۆ دەرخستنی جۆری بەکارهێنان و دەوریان لە ئاخاوتندا:
- جگە لە تۆ کەس نەهات. (جگە) دەوری استپنای پێچەوانەی دیتووە.
- جگە لە مامۆستاکان، قوتابییەکان نەهاتن. موستەسناکە (مامۆستاکان) و(**استثنا** لێ کراوەکان) هیچ یەکێکیان لە جینسی ئەوی تر نییە.
- جگە لە دار، نانیشم کڕی. (جگە ) هەر ئەوەندە دەوری دیتووە، کە تەئکیدێکی موستەسناکە (دار) ی کردووە، بەڵام لە **معطوفە**کە (نان)ی دانەبڕیوە (لێژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١ ،٣٢٦).

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی کارەکانی پێشتر

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە کارەکانی پێشتردا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە هەڵاوێرکردن لە لایەن ژمارەیەکی زۆرکەم لە ڕێزماننووسان باسکراوە ، ئەوانیش بە زۆری لە لایەنێک دەدوێن و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکەن ، لێرەدا چەند خاڵێکی گشتی دەخەینە ڕوو، کە زۆربەی بەرهەمەکان دەگرێتەوە:

١- بەگشتی لە کارەکاندا شیکردنەوەیەکی وردی سینتاکسی بۆ بابەتەکە نەکراوە، بەڵکو زۆربەی ڕێزماننووسەکان لە چوارچێوەی ئامرازدا باسیان کردووە واتە زیاتر لە ڕووی مۆفۆلۆژییەوە باسی بابەتەکەیان کردووە.

٢- لە زمانی کوردیدا هەریەک لە ڕێزماننووسەکان زاراوەی جیاجیا یان بۆ ئەم دیاردەیە بەکارهێناوە لەوانە: ( دەرهاویشتن، **إستثنا**، لێدەرهێنان، هاوێرتن، هاوێرکردن، دەراویتە، جیایی،...) بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەباشمان زانی کە زاراوەی ( هەڵاوێرکردن) بەکاربێنین، چونکە ئێستاکە ئەم زاراوەیە باوترە و ڕۆژانە زۆریش بەکاردێت.

## ٢- چەند لایەنێکی هەڵاوێرکردن لە زمانی کوردیدا

### پێناسەی هەڵاوێرکردن

هەڵاوێرکردن دیاردەیەکی زمانییە، چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- هەڵاوێرکردن : بریتییە لە دەرهێنان و هەڵاوێرکردنی ئەو کەرەسەیەی، کە دەکەوێتە دوای ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئەوەی پێش خۆی(**الشیخ مصطفی الغلاینی**:٢٠٠٥، ٤١٧ و سناء حمید البیاتی: ٢٠٠٣،٢٢٥ و حبیب مغنیە: ٢٠٠٤، ٣١٤ ).
- هەڵاوێرکردن: ( بریتیە لە لێدەرکردنی پاشی(جگە) و هاوکارەکانی( هەر، تەنیا، بێجگە، جیا) لە فرمانی (حوکمی) پێش خۆی) (نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦ ،٩٣).
- هەڵاوێرکردن: بریتییە لە لێدەرکردنی بەشێک لە پاش(تەنیا) لەو شتەی، کە لە پێش(تەنیا)دێت(کتێی قوتابخانەکان: ٢٠٠٦، ٤٨).
- هەڵاوێرکردن: لێدەرکردنێکە یان زیاتر، لەو کۆمەڵەیەی، کە پێشتر لە ناویدا بووە (عباس حسن: ٢٠٠٧ ،٢٤٦).
- هەڵاوێرکردن: ئەو لێدەرکردنەیە بە یەکێک لە ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن و هاوکارەکانی، کە کاتێک لە ناویدا بووە یان لە شوێنی ناوەوە بوونی بووە (**فاضیل صالح السامرائی**: ١٩٨٦- ١٩٨٧،٦٧٦) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین:

هەڵاوێرکردن: زاراوەیەکی ڕێزمانییە، بریتییە لە دەرهێنانی کەرەستەیەک(شتێک) لە ژێر دەسەڵاتی(حکم) پێش خۆی ، کە دەکەونە دوای بێجگەو ئامرازەکانی تری هەڵاوێرکردن. بۆ نموونە:

- یاریزانەکان بەشداری گەشتەکەیان کرد، کاوە نەبێ. لێرەدا (کاوە) لە یاریزانەکان دەرهێنراوە بەشدارنەبووە لە گەشتەکە واتە نەکەوتۆتە ژێرباری حوکمەکەی پێش خۆی.

### کەرەستەکانی ڕستەی هەڵاوێرکردن:

ڕستەی هەڵاوێرکردن سێ کەرەستەی سەرەکی پێویستە، کە ئەوانیش: (دەرهێنراو، ئامرازی هەڵاوێرکردن و لێدەرهێنراو)ن، ئەم سێ کەرەستەیە بنەمای سەرەکین بۆ ڕستەی تەواوی هەڵاوێرکردن، ئەوەی کە دەردەهێنرێ پێی دەوترێ(دەرهێنراو) و ئەوەی لێی دەردەهێنرێ پێی دەوترێ(لێدەرهێنراو) و ئامرازەکانیش پێیان دەوترێ(ئامرازی هەڵاوێرکردن).(نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦، ٩٣)

و (الشيخ **مصطفى** الغلايني:٢٠٠٥، ٤١٧) و(سناء حميد البياتي:٢٠٠٣ ،٢٢٦-٢٢٧) و(حبيب مغنيه: ٢٠٠٤،٣١٤)، لە ڕستەدا مەبەستی هەڵاوێركردنی بە شێكی ڕستەكەیە لە ڕوی واتا و ئەركەوە لە بە شێكی تری ڕستەكە.وەكو كردەی كەمكردن و لێدەركردنی زانستی بیركاری وایە. بۆ نموونە كە دەڵێین لە (١٠٠ )دینارەكە تەنیا (٢٠) دینارمان خەرجكردووە، لە بیركاریدا بەم شێوەیە ( ١٠٠-٢٠ = ٨٠) ( عباس حسن:٢٠٠٧، ٢٢). وا لە خوارەوە باسی هەریەكەیان دەكەین:

**أ- لێدەرهێنراو(المستثنى منه)** : بریتییە لە شتێكی گشتی، كە دەكەوێتە پێش(ئامرازی هەڵاوێركردن)ەوە، دەكرێ لێدەرهێنراو تاك بێ، بە شێكی زۆربێ، جێناو بێ یا وتەیەكی گشتی بێ بۆ گشت سوودی هەبێ، وەک(هەموو، كۆمەڵ، خەڵک، مرۆڤ ...).(قواعد العربي: ٢٠٠٦، ٩٣) ، یان ئەو ناوەیە، كە دەچێتە ناو حوكمەكە، دەكرێ بە دەر بكەوێ و دەكرێ بەدەر نەكەوێ، هەندێ جار ئەرێ یان شێوەی نەرێ پێشی دەكەوێت، یان پێشی ناكەوێت (السيد احمد الهاشمي: ١٣٥٤، ٢١٥) ، بە واتایەكی تر لێدەر هێنراو بە ئەو بەشە دەوترێ، كە ڕاستەوخۆ و بە شێوەیێكی گشتی بەشدارە لەو كارەی، كە دەسەڵاتی بەسەردا كێشاوە ، لەم نمونانەی خوارەوەدا لێدەرهێنراو دەستنیشانكراوە:

- كرێكارەكان دەستیان لە كار هەڵگرت، بێجگە لە دارا.

لەم ڕستەیەدا (كرێكارەكان) لێدەرهێنراوە كەوتۆتە پێش ئامراز و ڕۆڵی بكەری بینیوە.

- دایكەكە منداڵەكانی نواند، تەنیا نەسرین نەبێ.

لەم ڕستەیەدا (منداڵەكان) لێدەرهێنراوە كەوتۆتە پێش ئامراز و ڕۆڵی بەركاری بینیوە.

- لە هەموویانم پرسی، بێجگە لە پەروین.

لەم ڕستەیەدا (هەموویان) لێدەرهێنراوە كەوتۆتە پێش ئامراز و ڕۆلی بەركاری ناڕاستەخۆی بینیوە.

**ب- ئامرازی هەڵاوێركردن**: ئەو ئامرازانەن، كە كاری جیاكردنەوەی لێدەرهێنراو و دەرهێنراو دەگرنە ئەستۆ، ئامرازەكانیش بە گشتی بریتین لە (بێجگە، جگە، تەنیا، جیا،هەر، بەس،...) وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- هاوڕێكانم بینی، بێجگە لە بیزا. واتە (هاوڕێكانم بینی، بیزام نەبینی).
- هەموو خواردنێک دەخۆم، بەس ماسی نەبێت. واتە (هەموو خواردنێک دەخۆم، ماسی ناخۆم).
- قوتابیەكان هاتوون، تەنیا كاوە نەبێ. واتە (قوتابییەكان هاتوون، كاوە نەهاتووە).
- هەموو قوتابییەكان هاتن، كاوە نەبێ.( ئەگەر ئامرازیش نەبێ(نەبێ) كارەكە جێ بە جێ دەكات.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە سروشتی ڕستەی هەڵاوێركردن سادەنییە، واتە بە ئاشكرا هەست بەوە دەكرێت، كە كارەكە لە ڕستەكاندا دووبارە نەكراوەتەوە بۆ دووركەوتنەوە لە دووبارەكردنەوە و درێژدادڕی.

**پ- دەر هێنراو( المستثنى** ): ئەو ناوە گۆكراوەیە، كە لە دوای یەكێک لە ئامرازەكان یان هاوشێوەكانی دێت، پێچەوانەی لێدەرهێنراوەكە دەبێت لە ڕوی ئەرێ و نەرێدا(السيد احمد الهاشمي: ١٣٥٤، ٢١٦) ، بە زۆری دەكەوێتە دوای ئامرازەكەوە، بە هۆی ئامرازەكەوە لە بەشەكەی تر، كە لێدەرهێنراوە جیا دەبێتەوە و فرێ دەدرێت لەو بەشەوە، بەواتایەكی تر دەرهێنراو بە ئەو كەسە یان ئەو كەرەستەیە دەوترێت، كە لە لێدەرهێنراو دەردەهێنرێت، واتە ناكەوێتە ژێر حوكمی ئەو كارەی، كە كەرەستەكانی پێش خۆی كەوتونەتە ژێر باری. لەم نمونانەی خوارەوە دەردەكەوێت:

- مامۆستاكان بایكۆتی خوێندنیان كرد، بێجگە لە شەونم.
- لە چوار پارچەی كوردستان، تەنیا باشوور سەربەخۆیە.

لە زمانی كوردیدا، ئەو كەرەستانەی كە دەكەونە دوای ئامرازەكانی هەڵاوێركردن، لە ژێر دەسەڵاتی كەرەستەكانی پێش ئامرازەكە دەردەچن. مەبەست لە دەرچوونیان لەژێر دەسەڵاتەكە ئەوەیە، بەشدار نابن لەو كارەی كە كەرەستەكان پێی هەڵساون یا بەسەریاندا هاتووە. واتە (كەرەستەكانی پێش خۆیان). بۆ نموونە:

- منداڵەكان نووستوون، بێجگە لە بەرز.
- بێجگە لە بەرز، منداڵەكان نووستوون.
- هەموو منداڵەكان نووستوون، بێجگە لە بەرز.

لە ڕستەكانی سەرەوەدا كاری (نووستن) دراوەتە پاڵ منداڵەكان(بەرز) نەبێ، لێرەدا تێبینی ئەوە دەكرێت، كە (بەرز)خۆی لە گەڵ منداڵەكاندا بووە، بەڵام لە نووستووەكان نەبووە. واتە نووستنەكە نە ڕەها بووە و نە گشتی، بەڵكو وابەستەو تایبەت بووە بە دەرهێنانی یەكێک لە نووستووەكان، ئەویش(بەرز) بووە. كەواتە دەرهێنانی كەرەستەكانی دوای ئامرازەكە لە ژێر

دەسەڵاتی (حوکمی) کەرەستەکانی پێش ئامرازەکە، تایبەتکردنی سیفەتێکی گشتییە. واتە هەموو هەڵاوێرکردنێک تایبەتکردنە، بەڵام هەموو تایبەتکردنێک هەڵاوێرکردن نییە، بۆ نموونە:

- میوانەکان ڕۆیشتن، بێجگە لە کاوە.

لە ڕستەکەی سەرەوەدا (بێجگە لە کاوە)ئەوە دەگەیەنێ کە کاوە بەشدار نەبووە لە کارەکەدا، واتە میوانەکان کە (گشت)ە. بۆیە باسکراوە کە لێرەدا واتا مەجازییەکە مەبەست بووە، لێرەدا واتاو مەبەستی ڕێزماننووسان ڕوون دەبێتەوە، کە دەڵێن هەڵاوێرکردن، هەڵاوێرکردنی بەشێکە لە (گشت)( سناء البياتي:٢٢٦). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە ئامرازی(بێجگە) تەنیا کاوەی لە ژێر دەسەڵاتی کەرەستەکانی پێش خۆی دەردەهێنێ. ئەمجارەیان وای دابنێین، کە دەڵێین(میوانەکان ڕۆیشتن)، ئەمەیان هەموو میوانەکان دەگرێتەوە، بەڵام کاتێک کە (کاوە) جیا دەکرێتەوە لە (میوانەکان) ئەوە دیاری دەکرێت کە واتاو گشتییەتی (میوانەکان ڕۆیشتن) لێرەدا مەبەست نییە، بەڵکو مانەوەی کاوە و جیاکردنەوەی مەبەستە.

کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین( لێدەرهێنراو) ئەو پێکهاتەیە، کە واتای گشتی ڕادەگەیەنێت وەک سەرەیەکی ڕستەکە سەیری دەکرێ، هەرچی (دەرهێنراوە) لە (لێدەرهێنراو) جیادەکرێتەوە و بەشێک بووە لێی و لێی جیادەکرێتەوە.

دەرهێنراو دەشێ یەکێک بێت لەم بەشانەی ئاخاوتن یان گرێ:

**ناو(گرێی ناوی):** بە هەموو جۆرەکانییەوە. وەک:

-هیچ یەکێکیان لە ترسان خەویان لێ نەکەوت، جگە لەشنۆ.

- دارەکانیان هەموو بڕییەوە، تەنیا دارتوویەک نەبێ.

- جگە لە دەنگی سیسرە، دەنگێک نەدەهات.

**جێناو:** وەک:

- جگە لە تۆ، کەس شک نابەم، دەردی دڵی خۆمی پێ بڵێم.

ئاوەڵناو: وەک:

- قوتابییەکان خەڵاتکران، بێجگە لە تەمبەڵەکان.

**چەندێتی/ ڕادە:** وەک:

- گەلانی جیهان سەربەخۆن، تەنیا هەندێکیان نەبێ.

**ژمارە:** وەک:

- هەموویان مردن، تەنیا یەکێکیان نەبێ.

**چاوگ:** وەک:

- هیچ ڕێگایەکیان نەبوو، جگە لە هەڵاتن.

## جۆرەکانی ڕستەی هەڵاوێرکردن:

ڕستەی هەڵاوێرکردن چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان دەکرێت، لەوانە:

### یەکەم/ ڕستەی هەڵاوێرکردنی ئەرێ و نەرێ:

أ- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی ئەرێ:** لەم جۆرەیاندا شێوازی هەڵاوێرکردنەکە لە شێوەی (ئەرێ)دا دەبێت، وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە:

- هەموویان دەرچوون، بێجگە لە ئازاد.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا (هەموو)(دەرچوون)، واتە بە شێوەی (ئەرێ) بەشدارییان کردووە لە کارەکە، تەنیا (ئازاد نەبێت).

ب- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی نەرێ:**لێرەدا شێوازەکە لە شێوەی(نەرێ)دا دەردەکەوێت، واتە یا نەرێ، یا نەهی، یاپرسیار دەبێت . وەک ئەم نوونانەی خوارەوە:

- مەلەوانەکان نەهاتوون، بێجگە لە ئازاد.     (نەرێ)

- کەس نەچێ، بێجگە لە ئازاد.     (نەهی)

- کێ نەچووە؟ بێجگە لە ئازاد.     (پرسیار)

لە هەڵاوێرکردنی نەرێدا ئامرازی(بێجگە) دەتوانێت لە پێشەوە بێت، وەک:

- بێجگە لە ئازاد، مەلەوانەکان نەهاتوون.

- بێجگە لە ئازاد، کەس نەچێ.

- بێجگە لە ئازاد، کێ نەچووە؟

**دووەم/ ڕستەی هەڵاوێرکردنی دابڕاو و دانەبڕاو:**

أ- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی دابڕاو:** لەم جۆرەیاندا (دەرهێنراو) نە لە ڕەگەزی (لێدەرهێنراوە) و نە بەشێکە لێی، وەک: - کرێکارەکان مانیان گرت، بێجگە لە بەڕێوەبەرەکە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا (بەڕێوەبەر) لە ڕەگەزی (کرێکار) نییە و بەشێکیش نییە لە ئەو.

ب- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی دانەبڕاو:** ئەم جۆرەیان ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە (لێدەرهێنراو) لە ڕەگەزی (دەرهێنراو)ە، یان بەشێکە لێی، وەک:

- قوتابییەکان گەڕانەوە، بێجگە لە ڕەنو.
- هەموو جلەکانی تەڕبووە، کڵاوەکەی نەبێ.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا (ڕەنو) لە هەمان ڕەگەزە، واتە قوتابییە، (کڵاوەکە)ش بەشێکە لە جل و بەرگەکە.

**سێیەم/ ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواو و ناتەواو:**

أ- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواو:** ئەو جۆرەیە، کە ڕستەی پێش ئامرازەکە دەبێ نەرێ یان ئەرێ بێت، لێدەرهێنراویش لە ناو ڕستەکە هەبێت و بە دەرکەوتبێ (**فاضیل صالح السامرائی**، ١٩٨٦، ٦٧٦) و (سناء حمید البیاتی: ٢٠٠٣، ٢٢٧)، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:

- پزیشکەکە جەستەی نەخۆشەکەی پشکنی، بێجگە لە چاوی.
- ڕێوییەکە مریشکەکەی بەتەواوی خوارد، بێجگە لە سەری.

ئەم ڕستانەی سەرەوە پێیان دەوترێت هەڵاوێرکردنی تەواو ، چونکە هەرسێ بەشەکەی تێداهاتوە، لێدەرهێنراوەکە (جەستە، مریشکەکە)یە و ئامرازەکەش (بێجگە)یە و دەرهێنراوەکەش (چاو،سەر)ە، بەشی لێدەرهێنراوەکە ئەرێیە، بەشی دەرهێنراوەکەش نەرێیە.

- مامۆستاکان دەوامیان نەکرد، تەنیا ئازاد نەبێ.

لەم ڕستەیەشدا، هەرسێ بەشەکەی تێدا هاتووە، پێی دەوترێت تەواو (مامۆستاکان) لێدەرهێنراوە و بکەری ڕستەکەشە، ئامرازەکەش (تەنیا...نەبێ)، لە کاتێکدا دەرهێنراوەکە (ئازاد)ە، سەرپێچی لە کارەکە کردووە، لە ژێردەسەڵاتی کاری ( دەوام نەکردن) لایداوە.

**ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواویش دەبێتە دوو جۆر**

١- **ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دانەبڕ:** لەم جۆرەیاندا دەرهێنراوەکە لەگەڵ لێدەرهێنراوەکە ئەچنەوە سەر تیرەیەک ( نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦، ٩٥)، یان دەرهێنراوەکە بەشێک بێت لە لێدەرهێنراوەکە، هەرسێ بەشەکەشی تێدا هاتووە (**فاضیل صالح السامرائی**، ١٩٨٦، ٦٧٦).وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- پەروین حەز لە میوە دەکات، جگە لە سێو.

(سێو) دەرهێنراوە یەکێکە لە (میوە) کە لێدەرهێنراوە، کەواتە هەردولایەن میوەن، سەر بەیەک ڕەگەزن.

- پیاوەکان کوژران، جگە لە فەرهاد.

(فەرهاد) دەرهێنراوە، یەکێکە لە (پیاوەکان) کە لێدەرهێنراوە، کەواتە هەردوولایەن مرۆڤن و سەر بەیەک تیرە و ڕەگەزن.

- فەرمانبەرەکان ڕاستگۆن، جگە لە ئارام. واتە ( فەرمانبەرەکان ڕاستگۆن، ئارام نەبێ).
- کتێبەکانم خوێندەوە، بێجگە لە عەرەبییەکان.واتە (کتێبەکانم خوێندەوە، عەرەبییەکان نەبێ).

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەتوانرێ، ئامرازی هەڵاوێرکردنەکە شوێنی بگۆڕدرێ، بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێ. بە زۆریش (هەموو) لەو حاڵەتانەدا بەکاردێت بۆ زیاتر جەختکردن، وەک:

- بێجگە لە ئارام، هەموو فەرمانبەرەکان ڕاستگۆن.
- بێجگە لە عەرەبییەکان، هەموو کتێبەکانم خوێندەوە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (دەرهێنراو) و (لێدەرهێنراو) لە هەمان ڕەگەزن.

**ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دانەبڕ بە دوو شێوە دەردەکەوێ، ئەوانیش :**

**أ- ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دانەبڕی ئەرێ**: لەم جۆرەیاندا دەبێ لێدەرهێنراوەکە لە حاڵەتی ئەرێدا بێت، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- منداڵەکان یاریدەکەن، بێجگە لە ئاسۆ.
- کوڕەکان دەرچوون، جگە لە دارا.
- خێزانەکەمان گەشتیان کرد، بێجگە لە دایکم.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێدەرهێنراوەکان لە حاڵەتی ئەرێدان.

**ب- ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دانەبڕی نەرێ**: لەم جۆرەیاندا دەبێ لێدەرهێنراوەکە لە حاڵەتی نەرێدا بێت، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

-مامۆستاکان نەهاتوون، بێجگە لە کەمێکییان. (مامۆستاکان) لێدەرهێنراوە، ئەرکی بکەری بینیوە.

-قوتابییەکان وانەکانیان نەخوێند، جگە لە بیرکاری.(وانەکان) لێدەرهێنراوە، ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی بینیوە.

- فەرمانی لە سێدارەدان بۆ هیچ لە تیرۆرستەکان دەرنەچوو، بێجگە لە دووانیان.(بۆ هیچ لە تیرۆرستەکان ) لێدەرهێنراوە، ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێدەرهێنراوەکان لە حاڵەتی نەرێدان.

**٢- ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دابڕ**: لەم جۆرەیاندا دەرهێنراوەکە لەگەڵ لێدەرهێنراوەکە هەریەکە لە تیرەیەکی جیاوازن (نوری عەلی ئەمین، ١٩٥٦، ٩٥)، واتە دەرهێنراوەکە دەبێت بەشێک نەبێ لە لێدەرهێنراوەکە(**فاضیل صالح السامرائی**، ١٩٨٦، ٦٧٦).وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- حاجییەکان گەیشتن، جگە لە جانتاکانیان.
- ماڵەکە گشتی سوتا، بێجگە لە کتێبەکان.
- پارەکە هەمووی دزرا، بێجگە لە ئاڵتونەکە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێدەرهێنراوەکان کە( حاجییەکان، ماڵەکە، پارە)ن و دەرهێنراوەکانیش کە( جانتاکان، کتێبەکان، ئاڵتونەکە)ن سەربەیەک تیرە و ڕەگەز نین، بۆیە پێیان دەوترێت ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دابڕاو.

ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دابڕاویش وەک جۆرەکەی پێشتر لە دوو شێوە دەردەکەوێ، ئەوانیش ئەرێ و نەرێن:

**أ- ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دابڕی ئەرێ**: لەم جۆرەیاندا دەبێ لێدەرهێنراوەکە لە حاڵەتی ئەرێدا بێت، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- گوندەکان وێرانکران، بێجگە لە دانیشتوانەکەی.
- دارستانەکە سوتا، جگە لە گیانلەبەرەکان.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێدەرهێنراوەکان لە حاڵەتی ئەرێدان.

ب- ڕستەی هەڵاوێرکردنی تەواوی دابڕاوی نەرێ: لەم جۆرەیاندا دەبێ، لێدەرهێنراوەکە لە حاڵەتی نەرێدا بێت. وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- جگە لە بەڕێوەبەر، هیچ لە قوتابییەکان ئامادەنەبون.
- جگە لە کتێبەکان، هیچ لە ماڵەکە نەسوتا.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێدەرهێنراوەکان لە حاڵەتی نەرێدان.

**٣- ڕستەی هەڵاوێرکردنی ناتەواو**: لەم جۆرەیاندا دەبێ لێدەرهێنراوەکە لە ڕستەکەدا نەبێت و سڕابێتەوە و لە حاڵەتی نەرێدا بێت ، واتە ڕستەی هەڵاوێرکردنی ناتەواو ئەوەیە، کە لە سێ بەشە سەرەکیەکەی ڕستەی هەڵاوێرکردن، بەشی (لێدەرهێنراو) لە ڕستەکەدا بوونی نەبێ، وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕوندەبێتەوە:

- تەنیا ئاسۆ لە سمینارەکە ئامادەنەبوو.
- هەر نەسرین نەهاتووە.

- بەس کاوە دەرنەچووە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا پێش ئامرازەکانی(تەنیا، هەر، بەس) هیچ وشەیەک یان کەرەستەیەک، کە ڕۆڵی (لێدەرهێنراو) دەبینێ بە ئاشکرا نەهاتووە، بۆ ئەوەی بەشی دوایی ئامرازەکە ( ئاسۆ، نەسرین،کاوە) کە دەرهێنراوەکەن، لێیدەربهێنرێ، واتە (لێدەرهێنراو) لە ڕستەکاندا نەهاتووە ودەرنەکەوتووە و ڕستەکانیش (نەرێ)ن، چونکە لەم حاڵەتەدا ڕستەکە دەبێ نەرێ بێ.

**ڕستەی هەڵاوێرکردنی ناتەواو و جۆرەکانی**

ڕستەی هەڵاوێرکردنی ناتەواو چەند جۆرێکی لێ جیادەکرێتەوە، لە وانە:

**١- بۆ کورت بڕی سوودی لێوەردەگیرێ،** بۆ نموونە:

- تەنیا خالد ئامادەبوو.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ئامادەبوونی کۆمەڵێک یاخود هەمووان نەرێ کردووە و تەنیا ئامادەبوونی خالید نەبێ ، پێچەوانەی وەک دەڵێن(خالد ئامادەبوو)لێرەدا دەکرێ کەسانی تری لەگەڵدائامادەبووبێ.(معاني النحو: ١٩٨٦ ،٦٧٩).

کورتبڕی جۆرێکە لە جۆرەکانی (جەختکردن) مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، کە ئەو مەبەست و ئارەزووەی هەیەتی لە بیری گوێگر و بەرامبەریدا جێگیر بکات، کاتێک دەڵێن:

- قوتابییەکان لە سمینارەکە ئامادەنەبوون، تەنیا خالید نەبێ.

لێرەدا ئەگەر کورتبڕی بکەین، لێدەرهێنراوەکە لادەبەین، ڕستەکە بەم شێوەی لێدێت:

- تەنیا خالید ئامادەبوو.

**٢- پێشکەوتنی نەرێ .** وەک:

- موحەممەد نەمر نییە، تەنیا پێغەمبەرێکە. واتە (موحەممەد تەنیا پێغەمبەرێکە).

**٣- پێشکەوتنی نەهی.** وەک:

- شتێک مەڵێن لە بارەی خواوە، بێجگە لە ڕاستی.واتە ( تەنیا ڕاستی بڵێن).

**٤- پێشکەوتنی پرسیار.** وەک:

- ئایا ئەوان لە ناو دەبرێن، بێجگە لە کۆمەڵی ستەمکاران نەبێ؟

**گۆڕینی ڕستەی هەڵاوێرکردنی ناتەواو بۆ هەڵاوێرکردنی تەواو:**

دەتوانرێ، ڕستەیەکی هەڵاوێرکردنی ناتەواو بەم دوو ڕێگەیە بکرێ بە هەڵاوێرکردنی تەواو:

**١- ئەگەر دوای ئامرازەکە بۆ مرۆڤ بێ وشەی(کەس، هیچتان)ی بۆ زیاد دەکرێ،** وەک:

- کەس نهێنییەکان نازانێ، تەنیا خودا نەبێ.
- کەس لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچوو، تەنیا کاوە نەبێ.
- خوا نەبێ، هیچتان نهێنی نازانن.

**٢- ئەگەر دوای ئامرازەکە بۆمرۆڤ نەبێ وشەی(شت) یان (لە....زیاتر/پتر)ی بۆ زیاد دەکرێ،** وەک:

- تەنیا دارم بینی ———— هیچ شتێکم نەبینی، تەنیا دار نەبێ.
- تەنیا خانویەک ڕوخا ———— هیچ شتێک نەڕوخا، تەنیا خانویەک نەبێ.
- بەس نانم خوارد ———— لە نان زیاتر هیچم نەخوارد.

**ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن**

ئامراز بەشێکی گرنگ و سەرەکی زمانە، لە هەموو زمانێکدا بوونی هەیە، لە ڕوی شێوەوە لە یەکتری جیان، هەیانە وەک وشە، هەشیانە وەکو مۆرفیمی بەند. ئەمە هەیە، ئامرازەکان لە ڕوی واتاوە بەندن، بەڵام لە ڕوی شێوە سەربەخۆن. ئامرازەکان خاوەنی شوێن و کار و ئەرک و تایبەتمەندی خۆیانن(ڕەفیق شوانی: ٢٠١١، ٥٦). ئامرازەکان جۆریان زۆرە یەکێکیشیان لەمانە ئامرازی هەڵاوێرکردنە ، ئامرازی هەڵاوێرکردن ئەو ئامرازانەن، کە ناو و ڕاناو لە ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوی ناو ڕستەدا دادەبڕن، واتە لە بەشداربوون و بەشدارنەبوونیدا ئەرکی ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن ئەوەیە، کە دەرکردنی ئەوەی لە دوای دێت، کە بە شێکە لەوەی پێشی. ئەوەی پاشی نەرێ دەکات، ئەگەر ئەوەی پێشی ئەرێ بێت. ئەوەی پاشی ئەرێ دەکات ئەگەر ئەوەی پێشی نەرێ

بێت (مهدي المخزومي:١٩٨٦، ٢٠٧)، ئامرازەکانی هەڵاوێرکردنیش ئەمانەن: ( بێجگە، جگە، بێجگە لە، جگە لە، بێ، به بێ، تەنیا، تەنها، بەس، وێڕای،... (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٣، ٤٤٥). وا لە خوارەوە بە نموونەوە هەندێ لە ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن دەخەینە ڕوو:

**بێجگە/ جگە:** هەرکاتێک بەکارهێنرا، ئەشێ ئامرازی (لە) بخرێتە پێش دەرهێنراوەکە (نوری عەلی ئەمین، ١٩٥٦،٩٤) یان دەتوانین بڵێین هەمیشە بە دوا ئامرازی (جگە)دا ئامرازی پەیوەندی (لە) دێت (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی،٢٠١١، ٣٢٢). واتە کەرەستەکەی دوای ئەم ئامرازە لە شێوەی گرێی بەندیدا دەبێ، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- کرێکارەکان دەستیان لە کار هەڵگرت، بێجگە لە نەبەز.
- مامۆستاکان هاتن، جگە لە تۆ.
- قوتابییەکان ژیرن، جگە لە شاسوار. (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی،٢٠١١، ٣٢٢)

دەتوانرێت، ئامرازەکان جێگۆرکێی شوێنیان بۆ بکرێت، وەک:

- بێجگە لە نەبەز، کرێکارەکان دەستیان لە کار هەڵگرت.
- جگە لە تۆ، مامۆستاکان هاتن.
- جگە لە شاسوار، قوتابییەکان ژیرن.

هەندێجار ئامرازی (جگە) لەگەڵ (هەر)پێکەوە لە یەک ڕستەدا دێن وەک:

- جگە لەمن، هەر تۆ هاتیت. لە حاڵەتی ئەرێ یە.
- جگە لە من، هەر تۆ نەهاتیت. لە حاڵەتی نەرێ یە.

دیسانەوە وا دەبێ ئامرازی (جگە) لەگەڵ ئامرازی (ش)ی عەتف کۆدەبێتەوە وەک:

- جگە لە من، تۆش هاتیت.
- جگە لە من، تۆش نەهاتیت (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی: ٢٠١١، ٣٢٥).

لەم جۆرەیاندا دەتوانرێ وشەکانی (ش) وەردەگرن زۆربکەین، وەک:

- جگە لە تۆ، منیش و داراش و ئەحمەدیش و زاناش هاتین.

لەم حاڵەتانەدا زیاتر بۆ جەختکردنەوەیە، نەک هەڵاوێرکردن.

**بێ لە:** دەشێ لە جیاتی (جگە لە)ئامرازی (بێ لە) بەکار بێت، وەک:

- بێ لە تۆ کەس نەهات. — کەس نەهات بێ لە تۆ.
- بێ لە تۆ هەموو هاتن. — هەموو هاتن بێ لە تۆ.

بەڵام کاتێک (بێ) جیابکرێتەوە لە (لە)، بەتەنیا (بێ) بەکاربێت، وەکو پریپۆزشن بەکاردێت نەک هەڵاوێرکردن، وەک:

- بێ تۆ ناچمە سەفەر (نەگوتراوە بێ لە تۆ).
- بێ پارە دنیا خۆش نییە ( نەگوتراوە بێ لە پارە) (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی:٢٠١١، ٣٢٤).

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا ئامرازی (بە) سواوە، لە بنەڕەتدا (بە بێ تۆ...) و(بە بێ پارە...) یە.

تەنیا: هەرکاتێک بەکارهێنرا پێویستە (نەبێ) بخرێتە دوای دەرهێنراوەکە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- قوتابییەکان ئامادەبوون، تەنیا نەوزاد نەبێ.
- وانەکانمان خوێندوە، تەنیا کوردی نەبێ.
- ئاوارەکان گەڕانەوە، تەنیا نەخۆشەکان نەبێ.

**بەس:** هەرکاتێک بەکارهێنرا پێویستە (نەبێ) بخرێتە دوای دەرهێنراوەکە، وەک:

- هەموو گۆشتێک دەخۆم، بەس ماسی نەبێت.
- حاجییەکان هەموویان گەڕانەوە، بەس یەکێکیان نەبێ.

**جیا:** هەرکاتێک بەکار هێنرا ئامرازی (لە)ی لە دوا دێت، وەک:

- جیا لە ئێوە کەسم نییە.
- جیا لە تۆ کەس نەهاتووە.

**هەر:** ئەم ئامرازە لە ڕوی واتاوە بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت، یەکێک لەو مەبەستانەش بۆ هەڵاوێرکردنە، وەک:

- هەموومان چووین بۆ سەیران، هەر کاوە نەبێت.

- سەوزەکەم هەموو خوارد، هەر کەوەرەکە نەبێت.

**نەبێ:** ئەم ئامرازە زۆربەی کات دەکەوێتە کۆتایی، وەک:

- هەمو قوتابییەکان دەرچوون، هەندێکیان نەبێ.
- مامۆستاکان ڕۆیشتن کاوە نەبێ.

دیسانەوە (نەبێ) لە هەموو ڕستەکاندا کورتکراوەی (نەبێت)ە، بۆ ئاسانبوونی درکاندن (ت) تێچووە.

**لێدەرهێنراو و جۆری ڕستە**

**١- لە ڕستەی ئەرێدا:** لێدەرهێنراو لە ڕستەی ئەرێدا وەک بنەمایەکی ڕێککەوتن لێی دەڕوانرێ، وەک:

- منداڵەکان یاری دەکەن، بێجگە لە کاوە.

منداڵەکان ـــــ بکەری ڕستەیە.

یا وەک بناغەیەک بەندە بە پێکهاتەکە و ڕۆڵی بەرکار دەبینێ :

- هاوڕێکانم بینی، بێجگە لە پەروین.

هاوڕێکان ـــــ بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەیە.

یا وەک بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستە دەردەکەوێ:

- لە هەموویانم پرسی، بێجگە لە نەسرین.

لەهەموویان ـــــ بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەیە.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا (لێدەرهێنراو) وەک واتایێکی ڕێزمانی لەگەڵ ڕستەی ئەرێدا پیادەدەکرێت.

**٢- لە ڕستەی نەرێدا:** لە ڕستەی نەرێشدا بە هەمان شێوە پیادەدەکرێت، وەک:

- بێجگە لە کاوە، کەسیان نەنوستن.
- هاوڕێکانم نەبینی، جگە لە پەروین.

**٣- لە ڕستەی داخوازیدا:**

- هەموو هاوڕێکانت بهێنە، بێجگە لە تەمەڵەکان (تەمەڵەکان نەبێ).
- دارو درەختەکان ببڕەوە، گوڵەکان نەبێ.

**٤- لە ڕستەی مەرجیدا**

- ئەگەر هاوڕێکانت هاتن، یەکێکیان نەبێ، هەر دەچین.
- ئەگەر یەکێکیش لە هاوڕێکانت نەهاتن، هەر دەچین.

**ئەنجامەکان**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمان هێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەبنەوە:

١- هەڵاوێرکردن دیاردەیەکی زمانییە، بریتییە لە دەرهێنان و هەڵاوێرکردنی ئەو کەرەستەیەی، کە دەکەوێتە دوای ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئەوەی پێش خۆی.

٢-بە شێوەیەکی گشتی کەرەستەکانی هەڵاوێرکردن بریتین لە (لێدەرهێنراو (المستثنى منه)، دەرهێنراو (مستثنى) و ئامرازی هەڵاوێرکردن).

٣-لێدەرهێنراو بەو بەشە دەوترێ، کە ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی گشتی بەشدارە لەو کارەی کە دەسەڵاتی بەسەردا کێشاوە.

٤-دەرهێنراو ئەو کەرەستەیە، کە لە لێدەرهێنراو دەردەهێنرێت، دەکەونە دوای ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن، لە ژێر دەسەڵاتی کەرەستەکانی پێش ئامرازەکە دەردەچن. واتە بەشدار نابن لەو کارەی، کە کەرەستەکان پێی هەڵساون، یان بەسەریاندا هاتووە.

٥-ئامرازەکانی هەڵاوێرکردن ئەوەی، کە زۆر دیار و ئاشکرایە، بریتین لە (بێجگە، جگە، هەر، تەنیا ، بەس،...)و دەتوانرێ لە ڕستەدا دەسکاریی شوێنییان بکرێت، بەڵام مەرج نییە، هەموو کاتێک ئامرازەکان بتوانن، لە شوێنی یەکتر بەکاربێن.

٦-ڕستەی هەڵاوێرکردن بە گشتی دوو جۆرن: أ- هەڵاوێردنی دانەبڕاو، ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە تیایاندا دەرهێنراو لە ڕەگەزی لێدەرهێنراوە. ب- هەڵاوێرکردنی دابڕاو، ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە تیایاندا دەرهێنراو لە ڕەگەزی لێدەرهێنراو نییە.

## سەرچاوەكان

### سەرچاوەكان بەكوردی:

ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، هەندێ ئامرازی سینتاكسی لە زمانی ئەدەبی ئیمرۆی كوردیدا، چاپخانەی عەلا، ١٩٨٠، بەغدا.
- ڕەفیق محێدین شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی كوردیدا، ٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ڕەفیق محێدین شوانی، وشەسازی زمانەوانی كۆمەڵێك وتار، ٢٠٠٩، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- ساڵح حوسێن پشدەری، كورتەیەك لە ڕێزمانی كوردی، چاپخانەی بەغداد، ١٩٨٥.
- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ناكردن لە كوردیدا، نامەی ماستەر،١٩٩١، زانكۆی سەلاحەددین.
- لێژنەی زمان و زانستەكانی لە كۆڕی زانیاری كورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی،٢٠١١، هەولێر.
- نوری عەلی ئەمین، قەواعدی زمانی كوردی،١٩٥٦، بەغدا.

### سەرچاوەكان بە عەرەبی:

-الدكتوره سناء حميد البياتى، قواعد النحو العربي فى ضوء نظرية النظم، ٢٠٠٣،الطبعة الأولى.
- دكتور.حبيب مغنيه، الوافى فى النحو و الصرف، دار و المكتب الهلال،٢٠٠٤، بيروت.
- السيد أحمد الهاشمى، القواعد الاساسية للغة العربية، ١٣٥٤، لبنان.
- الشيخ مصطفى الغلاينى، جامع الدروس العربية، الجزء الأول، ٢٠٠٥.
- عباس حسن، النحو الوافى، ٢٠٠٧، لبنان.
- فاضيل صالح السامرائى، معانى النحو، ١٩٨٦- ١٩٨٧، بغداد.
- قواعد العربى للصف السادس الاعدادى، ٢٠٠٦،ط٣.
- لجنة تنظيم الكتب الدراسية، الهداية فى النحو، ١٩٩٦، المنير لطباعة و النشر.
- مهدى المخزومى، فى النحو العربى، ١٩٨٦، لبنان.

## بعض الجوانب التركيبية في اسلوب الأستثناء في اللغة الكوردية

**الملخص**

تحاول هذه الدراسة الموسومة (بعض الجوانب التركيبية في اسلوب الإستثناء في اللغة الكوردية) تحليل وتوضيح الجوانب المختلفة لهذه الظاهرة اللغوية – الإستثناء - والتى تعنى اخراج ما بعد اداة الإستثناء عن حكم ما قبله لمخالفته اياه في هذا الحكم والأستثناء أحد أنواع الأساليب المستعمله التى تلعب دوراً مهماً في اللغة الكوردية ولاسيما في المستوى التركيبى (السينتاكسى) واحياناً يتعدى حدود هذا المستوى الى المستويات ك(الصرفى والسمانتيكى) . عالج اللغويون الكورد اساليب نحوية شتى وقدموا طروحات كثيرة بشأنها الا انهم لم يتطرقوا الى أسلوب الأستثناء ومانراه حول هذا الموضوع هنا وهناك انما عبارة عن عروض ومقالات مختصرة فى بعض الكتب والمجلات وفى اطار موضوعات نحوية أخرى ولهذه الأسباب وتلك وقع اختيارنا على هذا الموضوع للبحث فيه وبنهج نحوى حديث.

والجدير بالذكر ان المجال التطبيقي لهذا الموضوع محدد باللهجة الكوردية الوسطى كما استند الى أمثلة من اللغة العامية (لغة الحديث) والمنهج المتبع في هذه الدراسة هو(المنهج الوصفي التحليلي).

فالبحث عبارة عن دراسة مختصرة تتكون من فصلين مبدوؤة بمقدمة ومختومة بالنتائج ،تناول الفصل الأول مراجعة وتقيم مختصر للبحوث السابقة وفيه عرض لوجهات نظر اللغويين في هذا المجال ،وتطرق الفصل الثاني الموسوم (بعض جوانب الأستثناء في اللغة الكوردية ) الى تعريف بعض المصطلحات والمفاهيم مثل( الإستثناء ،اركانه، المستثنى منه ،أداة الإستثناء ،المستثنى )،أنواع الجمل ألإستثنائية (التام والناقص، المتصل والمنفصل ،المثبت والمنفي ).

وتوصلت هذه الدراسة الى طائفة من الأستنتاجات ، ثبتت في (نتائج البحث) وتليها قائمة بالمصادر ( الكوردية والعربية).

**Abstract**

The study is entitled "Some Aspects of Exception in Kurdish Language". It is an attempt to analyze and describe different dimensions of exception in Kurdish grammar.

Exception is defined excepting some linguistic units, which follow the exception tools, because of the control of the preceding unit. It has an important role in Kurdish language use, especially on the level of syntax. Though this does not mean that this phenomenon is exclusively syntactic, sometimes it covers the levels of morphology and semantics too.

The importance of the study lies in the fact that exception has not been studied as an independent topic in Kurdish yet. Except for some Kurdish grammatical studies, which are published in some Kurdish books and journals, no autonomous research conducted on this issue. The study deals with exception in Kurdish independently and abundantly.

The scope of the study is Kurdish language (Central Kurdish ). The data are taken from everyday speech and some Kurdish written sources that deal with this phenomenon. The study uses the analytical method, more specifically the descriptive analytical method.

In addition to an introduction, the study consists of two sections. The first section deals with the theoretical background, literature review and assessing the previous work. The second section deals with the definition of exception, tools of exception and types of excluded sentences. It also includes complete and incomplete exception, excluded and un-excluded, negative and affirmative sentences.

The study ends up with the conclusions. At the end, an Arabic abstract, an English abstract and the list of references are provided.